گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی هەڵبژاردنی خوێندنی تایبەتی لای خێزان:
## توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە لە قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەکانی شاری هەولێر

**ئەڤین قهار جلال**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Avin.jalal@su.edu.krd

**پ. ی. د. عبدالله خورشيد عبدالله**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
dr.abdullah56@yahoo.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**
بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٣/٨/٩
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٩/١٤
بڵاو کردنەوە:زستان ٢٠٢٤
**ووشە سەرەکییەکان**
*Education, private schools, students, families, schools.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.13

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی ئەو هۆکارانەیە کەوا دەکات خێزانەکان قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ خوێندنی منداڵەکانیان هەڵبژێرن. لەم توێژینەوەیە پشتمان بەستووە بە میتۆدی چۆنایەتی کە ئەمیش بە رێگای چاوپێکەوتنی نیمچە ڕاستەوخۆ زانیارییەکان کۆکراوەتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە: ئەو هۆکارانە چین کە وادەکات باوانی قوتابیان منداڵەکانیان بخەنەر بەر خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەکانی شاری هەولێر، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر کە بە گشتی (25) قوتابخانە دەبن. (22) کەس لە باوانی ئەو منداڵانەی لەو قوتابخانانە ناحکومییانە دەخوێنن، وەک ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون. لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانە بە هۆی کوالێتی قوتابخانەکان لە ڕووی بینا، خزمەتگوازییەکان و پێداویستییەکانی خوێندن بووە. هەروەها خوێندن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە زمانی ئینگلیزی و سیستەمی پەروەردەی تەندروست کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنیان هەبووە، بەڵام زۆرینەی خێزانی قوتابییەکان لە زۆری کرێی خوێندن لەو قوتابخانانە ناڕازین .

## 1. پێشەکی:

لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا پەروەردە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەشەسەندن و گۆڕانکاری لە هەر کۆمەڵگایەک بە ئەژمار دێت و ئامرازێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتان. زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان، دروست بوونی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگاکان و زیاد بوونی خواست لەسەر پەروەردە و باشترکردنی چۆنایەتی خوێندن لە لایەک و سنووردرابوونی سەرچاوە داراییەکانی حکومەت لە دابینکردنی پشکی پەروەردە لە داهاتی گشتی لە لایەکی ترەوە، هۆکارە بۆ ناهاوسەنگ بوون لەنێوان ئاستی توانایی پێداویستییەکانی پەروەردە لە بەرانبەر چاوەڕوانی و خواستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا. هەر بۆیە ئەگەر حکومەتەکان توانای دەستەبەرکردنی سیستەمێکی باشی پەروەردەییان نەبێت، بەتایبەتی لە دابینکردنی پێداویستییە فیزیکییەکان، ئەوا خێزانەکان لە لایەن کەرتی تایبەت بەدوای پێشکەشکارانی ئەو پێداویستیانە دەبن. بەتایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی ژن و مێرد هەردوکیان کار دەکەن و کاتەکانی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان زووتر تەواو دەبێت، ئەوا بەشێک لە خێزانەکان ناچارن پەنا بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان بەرن، کە کاتی خوێندنی منداڵەکانیان لە گەڵ کاتەکانی کار کردنی ئەوان گونجاوە و بەیەکەوەیە.

## 2. ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

**1.2. کێشەی توێژینەوەکە:** لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەهۆی خراپی بینا و خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانەکان و پێداویستییەکانی خوێندن، بۆتە هۆی دابەشبوونی خێزانەکان بۆ دوو دەستە، لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندگای حکومی یا ناحکومی، سەرەڕای زۆری کرێی خوێندن لەو خوێندگایانە. هەر بۆیە کێشەی سەرەکی ئەم توێژیەوەیە خۆی لەم پرسیارانە

دەبینێتەوە: ئەو هۆکارانە چین پاڵ بە دایک و باوکانەوە دەنێن منداڵی خۆیان لەو قوتابخانە ناحکومییانە جێگە بکەنەوە؟ ئایا فێربوونی زمانی بیانی بەتایبەتی ئینگلیزی هۆکارێکی گرنگە بۆ ناردنی منداڵەکان بۆ ئەو قوتابخانانە؟ یان پەیوەندی بە خراپی کوالێتی خوێندنی حکومی و خزمەتگوزارییەکانیانەوە هەیە؟ چاولێکەری خێزانەکان لە یەکتر چەندە کاریگەرە؟ هەروەها لەپاڵ هۆکارەکانی سەرەوە ئایا چ هۆکارێکی تر دەبێت ڕۆڵی هەبێت؟

**2.2. گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە :

**لە رووی تیۆرییەوە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگییە تیۆرییەکەی لەوەدایە کە تیشک دەخاتەسەر ئەدەبیاتی پێشوو لە توێژینەوە و نووسینەکان لەبارەی خوێندنی ناحکومی لە ئاستی جیهانیدا و لەو لایەنەوە دەتوانێت هەندێک زانیاری و بۆچوونی زانستی بە زمانی کوردی، لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا بخاتە بەردەستی خوێنەری کورد زمان و لەم بارەوە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی هاوکاربێت. بەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی سەرچاوە لە بوارەکانی پەروەردە بە گشتی، کۆمەڵناسی پەروەردە، کۆمەڵناسی خیزان و بەتایبەتی پەروەردە و دەروونزانی.

**گرنگییە پراکتیکییەکانی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتا پشت بە چاوپێکەوتن دەبەسترێت. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، کە دەکرێ بڵێین یارمەتیدەرە لە زیاتر چەسپاندنی توێژینەوەی چۆنایەتی لە ناو توێژینەوە کوردییەکان لە لایەکی تریشەوە داتاکان و شیکردنەوەیان هاوکار دەبێت لە زیاتر تێگەیشتن لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو قوتابخانانە و لاوازبوونی ڕۆڵی قوتابخانە حکومییەکان، کە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سوود لەو ئەنجامانە ببینن بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورپییەکان و زیاتر گەشەپێدانی خوێندنی حکومی. بەتایبەت بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.2. ئامانجی توێژینەوەکە:

_ زانینی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر خێزانەکان و ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان هەیە.

_ زانینی کاریگەری کوالێتی خوێندنی لە قوتابخانە ناحکومییەکان لە ڕووی کاتەکانی خوێندن، خزمەتگوزاری، بینا و مامەڵەی مامۆستایان، کە تا چەند ڕۆڵی هەیە لەوەی خێزانەکان پەنا بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان ببەن.

_ زانینی کاریگەری چۆنایەتی پەروەردەکردن، لە هەڵبژاردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لای باوانی منداڵان.

_ دەرخستنی کاریگەری خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لە هەلبژاردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە لایەن باوانەوە

### 2.4. پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە (Definitions of Concepts) :

**یەکەم: قوتابخانە (School):** قوتابخانە کۆڵەگەیەکی گرنگە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگا و هەلدەستی بە پەروەردەکردنی نەوەکان. ئەرکی بنەڕەتی پەروەردە و قوتابخانە بریتیە لە پەرەپێدان و پێگەیاندنی نەوەکان لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەکۆمەڵگادا داڕێژراون بە ئامانجی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون، بەپێی پلان و پرۆگرامی دیاریکراو(الشعبینی،1978: 92).

'فێردیناند بویسۆن' قوتابخانە بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویست پێناسە دەکات، کە مەبەستیەتی پرۆسەی پەیوەندی نێوان خێزان و دەوڵەت مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئامادە بکات و لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵی کۆمەڵگای بکات (مأمون،2020: 18).

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی کە خستمانە ڕوو دەگەین بەو پێناسەی کە دەگونجیت لەگەل ناونیشانی تویژینەوەکەمان ئەویش قوتابخانە بریتییە لە: دامەزراوەیەکی فەرمییە بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵان، گواستنەوەی زانست و زانیاری لەرێگەی مامۆستاکانەوە بەشێوەیەك، کە ئەو زانیاری و داتایانە بە تەواوەتی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا و تەمەن و ئاستی ژیری خوێندکارەکان گونجاو بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: قوتابخانەی ناحکومی (ئەهلی):** قوتابخانەی ناحکومی هەموو ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە دەگرێتەوە و سەربەخۆییان هەیە. هەروەها تاڕادەیەک سەر بە دەستەیەک یا کەسانێکن لە کەرتی تایبەت، لەگەڵ ئەوەشدا دارایی تایبەت بەخۆیان هەیە (الريماوي،2018: 38).

هەروەها قوتابخانەی تایبەت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی تایبەتە، لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارییەتی دەکرێت، بەپێی مەنهەجی وەزارەتی پەروەردەی گشتی، حکومەت خزمەتگوزاری خوێندن پێشکەش دەکات و پلانی خوێندن دادەنێت (زيتونة حمد و احمد،2018: 18).

**بە پشت بەستن بەو پێناسانەی سەرەوە توێژەران پێناسەی ڕێککاری قوتابخانەی ناحکومی (ئەهلی) دەکەن بەوەی؛** قوتابخانەی ناحکومی وەک قوتابخانەی فێرکاری دەبینرێن و هاوڵاتییەک خاوەنداری دەکات و بە هاوئاهەنگی لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە ڕێککەوتن لە بابەتەکانی خوێندن، لەبەر ئەوەی هەندێک لە قوتابخانە ناحکومییەکان نێودەولەتی و بە تەواوی هەمان پرۆگرامی خوێندنی گشتی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکەن.

**سێیەم: خێزان (Family):** یەکەمین خانەی بنیاتنانی کۆمەڵگا و دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، کە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ تیایدا ڕوودەدات، هەروەها پاڵنەرێکە بۆ پاراستنی ڕەگەزەکانی مرۆڤ و بەستنەوەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاولە ناو کۆمەڵگادا (رشيد،2007: 48).

هەروەها خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، کە بەرپرسیارە لە بە کۆمەڵایەتیبوونی منداڵ و ئامادەکردن و پەروەدردەکردنی تواناکانی، بۆ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ و بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی (الأسرة 2013: 26-27) .

لە دەرئەنجامی ئەو پیناسانەی خستمانە ڕوو توێژەران گەیشتوون بەو پیناسەی کە خێزان بچووکترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، پێکدێت لە دایك و باوك و منداڵەکان، کە پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای گیانیی و پەیوەندی خوێنی بەستراوتەوە و لەشوێنیکی دیاریکراودا بەیەکەوە دەژین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

### 1.3. ڕوانگە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە :

**یەکەم: تیۆری پەروەردەی پێر بۆردیۆ:**

کۆمەڵناسیی پەروەردە لە شیکردنەوەی سیستەمی پەروەردەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و بۆ ئەو کێشانەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنێت هەوڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی کاریگەر دەدات. قوتابخانەی فەرەنسی یەکێکە لەو قوتابخانە کۆمەڵناسییانەی کە کاریگەری لەسەر بواری کۆمەڵناسی بەگشتی و کۆمەڵناسی پەروەردە بەتایبەتی هەبووە. هەر بۆیە شیکاری و لێکۆڵینەوەکانی 'پییێر بۆردیۆ' ڕۆڵێکی گرنگی لەو بوارەدا هەبووە (دباب،2021: 138). 'بۆردیۆ' پێیوایە، کە قوتابخانە دامەزراوەیەکی بێلایەنە لە خزمەت زانستی گشتگیردا، هەروەها عەقڵانییەت و ڕێگەدان بە بەرەوپێشبردنی تاکەکەسی. بۆردیۆ نیشانیدا کە قوتابخانە یەکێکە لە دامەزراوە ناوەندییەکان لە بەرهەمهێنانەوەی سوودە کولتوورییەکان (دباب،2021: 138).

هەروەها (بۆردیۆ) پێ وایە قوتابخانە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکان و یەکسانی نێوانیان سەیر ناکرێت، بەڵکو بووەتە ئامرازێک لە دەستی ئایدۆلۆژییە باڵادەستەکان، بەو مانایەی کولتوور چیتر ئاڕاستەی هەموو خوێندکارەکانی ئاستە جیاوازەکان ناکرێ، بەڵکو وەک میکانیزمێک لە خزمەتی پۆلە تایبەتەکاندا ئاڕاستە دەکرێت، کە مەبەست لێی چینی بۆرژوازییە. لێرەوە سەرنجی توندوتیژییەکی داپۆشراو و شاراوە دەدەین کە لەسەر ئەم خوێندکارانە پراکتیزە دەکرێت و، تایبەتمەندییەکانیان لە بەرزکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتییە نەک کەمکردنەوەی (صلعي،2019: 132-134).

بۆیە یەکسانی بروانامە لەنێوان ئەوانەی بەدەستیان هێناوە بە تەنها لە بازاڕی کاردا بەس نییە، بەڵکو هۆکاری تریش هەن کە دەستوەردان لە بەدەستهێنانی کار دەکەن، چونکە منداڵی ئەو خێزانانەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، توانای بەدەستهێنانی زانیاری تەواویان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی کار و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە هەیە، لەکاتێکدا گروپە بێبەشەکان ناتوانن زانیاری پێویست بەدەستبهێنن، ئەمەش ئەوەیە کە بەشدارە لە مانەوەی چینە بێبەشەکان لە هەمان پلەی پلیکانەی پلەبەندیدا (صلعي،2019: 134).

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە بەتەواوی دروست بێت بڵێین، کە دەتوانین لەبارەی پەروەردە بۆ تیۆری کۆمەڵناسیی فەرەنسی بۆردیۆ بگەڕێینەوە، کە قوتابخانەی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا بە کەرەستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی نایەکسانی لەقەڵەمدا، هەروەها لە داهاتوودا لە دروستکردنی درزێک لەنێوان منداڵانی ئەم قوتابخانانە و تاکەکانی تردا بەشدارە. کۆمەڵگایەک کە زمان و نیشانە و تەنانەت بەرژەوەندی و هێما و ئاواتێکی هاوبەشی تێدا نەبێت و جیاوازییەکی چینایەتی گەورە بەرهەم بهێنێت. لەم سونگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی هەڵبژاردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن بەشێک لە خێزانەکانی شاری هەولێر وەک بەرهەمهێنانی سەرمایەی هێمایی و خۆ جیاکردنەوەیان لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا سوود لەم تیۆرە وەرگیراوە.

**دووەم: تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی**

لەسەر ەتای سەدەی بیست و یەکەمدا تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی بووەتە یەکێک لە پارادایمەکانی شیکردنەوەی ڕەفتار (Tom and Roszkowska,2016: 196)، کە تیۆرێکی هاوبەشی نێوان کۆمەڵناسی، زانستی سیاسی، ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، هەر لەبەر ئەمەشە بۆتە جێگەی بایەخی بەشێکی زۆر لە توێژەرە هاوچەرخەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان (ریمون،2010: 85). پێشمەرجێکی بنەڕەتی هەڵبژاردنی عەقڵانی ئەوەیە، کە هەر تاکێک بەدوای بەها کەسییەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، بەشێوەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی - و دژی – ئەوانیتر کە بەشێوەیەکی عەقڵانی بەدوای بەرژەوەندی خۆیان و بەها تایبەتەکانیاندا دەگەڕێن. ئەم جۆرە تیۆرییە جەخت لەسەر سروشتی ئیرادەی کردەی مرۆڤ و توانای بکەران بۆ بڕیاردان و مامەڵەکردن لەسەر بنەمای حیساباتی عەقڵانی سوود و تێچوون دەکاتەوە. وا گریمانە دەکرێت کە تاکەکان کەم تا زۆر بە تەواوی لە دۆخی کردارەکانیان و باشترین کردار یان ئامرازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەڵبژێرن و ئاگادار بن (Tom and Roszkowska,2016: 196).

تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی بەو بیرۆکەیە دەست پێدەکات کە تاکەکان ویست و ئارەزوویان هەیە و بەپێی ئەوانە هەڵدەبژێرن (Jonathan and Milgrom,2004).

بە پێی تێۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی جیاوازی لەنێوان دوو عەقڵانیەت دەکرێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١-عەقڵانیەتی پڕاماتێک (یەک زاراوە بەکاربێنە)

٢-عەقڵانیەتی ستراتیجی

لە عەقڵانیەتی پڕاگماتیک تاک بە دوای باشترین هەڵبژاردەکان دەگەڕیت، هەروەها ڕەفتاری تاکەکانی تر زۆر کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی نیە، بەڵام لە عەقڵانیەتی ستراتیجی بڕیاردانی تاک پشت بە بڕیارەکانی بکەرەکانی تر دەبەستێ، ئەم لایەنەی عەقڵانیەت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زیاتر کاریگەرە (اعظم آزاده و آرامی، 2016: 154).

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا تەبەنی ئەم تیۆرە دەکەن و پێمانوایە گۆنجاوترین تیۆرە بۆ ڕاڤەکردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە توێژەران بە دوای ئەوەن بزانن هۆکار چییە خەڵکی بەو ڕێژە زۆرە منداڵ دەنێرنە ئەو قوتابخانانە، لە کاتێکدا قوتابخانەی حکومی هەیە کە بێبەرانبەرە و ڕەنگە نزیک ماڵیشیان بێت و پێویستی بە هاتوچۆکردنی منداڵەکانیش نەبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە پاڵنەر و هۆکاری ئەوە چیە؟ ئایا ئەو بڕاردەیە بەپێی ئەقڵ هەڵدەبژێرن، یان هۆکاری تری هەیە؟ ئەوەش وا دەکات ئەم تیۆرە زۆرتر ببێتە تیۆری پشتپێ بەستراوی ئەم توێژینەوەیە.

### 2.3. توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکەم: توێژینەوەی سێ توێژەر بە ناوەکانی(سالح، رحمان و عوسمان 2017 )* بە ناونیشانی **"ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری لە قوتابخانە بیانییەکانی هەرێمی کوردستان/ عێراق"** توێژینەوەکە بە ئاڕاستەی چۆنایەتی ئەنجام دراوە بە ئەنجامدانی (16) چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، زانینی کاریگەرییەکانی قوتابخانە بیانییەکان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی کورد لە هەرێمی کوردستانە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتییە لەوەی: ئەگەرچی فێربوونی زمانی بیانی لایەنێکی ئەرێنییە و دەکرێت وەك دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مرۆیی و مەعریفی لێی بڕوانرێت، بەڵام زمانی کوردی وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ناسنامە ڕەنگە گەشەسەندن بەخۆوە نەبینێت بەو ئاڕاستەیەی کە ببێتە زمانی زانست.

* Salih, Sangar Youssif, Rahman, Abdulsamih Muhammad and Othman, Jihad Kamal, (2017), Reflection of National and Cultural Identities in Foreign Schools of the Kurdistan Region/Iraq, Creative Education, Scientific Research an Academic Publisher, Vol.8 No.7.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە بە بەراورد بەزانستە سروشتییەکان، گرینگیدانی ئەوتۆ بە زانستە مرۆییەکان نادرێت، بەڵکو زیاتر زانستە سروشتییەکان بەرجەستە دەکرێت.

**دووەم:** توێژینەوەی (صالح 2023) بە ناونیشانی **"ئاستی ڕەزامەندی باوان لە قوتابخانە ناحکومییەکان"*** توێژینەوەکە بە ئاراستەی چەندایەتی کراوە، بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەی، باوانی ئەو قوتابیانەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکانی سەنتەری شاری هەولێر دەخوێنن کە سەرجەمی (63) قوتابخانە بوون. بەڕێگای تیروپشک (10) قوتابخانە دیاری کراون. نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوەی هەڕەمەکی سادە بووە، کە سەرجەمی (404) قوتابی بوون. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتی بووە لەوەی: باوانی قوتابیان ڕازین لەشێوەی کارکردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەڵسوکەتیان لە گەڵ منداڵەکانیان و هەروەها لە دەستەی کارگێڕی و ئاستی زانستی مامۆستایان، بەڵام بە ڕێژەیەکی بەرچاو باوانی منداڵەکان لە ژینگەی قوتابخانە ناحکومییەکان ناڕازیین و پێیان وایە بۆ کۆمەڵگای کوردستان گونجاو نییە.

**سێیەم:** توێژینەوەی (داڤیس 2011) **"بۆچی باوان قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن"*** لە زانکۆی باشووری جورجیا ئەنجام دراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە بوو لەو هۆکارانەی کە دایک و باوکان بۆ هەڵبژاردنی خوێندنی قوتابخانەی ناحکومی بۆ منداڵەکانیان هەیانە. توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتن لە دیدگاکانی بەشداربووان لێکدانەوەی بنەڕەتی بەکارهێنراوە. سێ گروپی بەشداربوو هەڵبژێردراون؛ دایک و باوک، خوێندکاران و کارگێڕان، کە نوێنەرایەتی قوتابخانە ناحکومییە ئایینییەکان و نائایینییەکانیان دەکرد. چەندین بابەت لە چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەشداربووان سەریان هەڵدا: 1) تایبەتمەندییە هەستپێکراوەکانی قوتابخانە؛ 2) کوالیتی خوێندن؛ 3) ژینگەی فیزیکی؛ 4) چالاکییەکانی دەرەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن.

* صالح، بژار زیاد (2023)، ئاستی ڕەزامەندی باوان لە قوتابخانە ناحکومییەکان، ماستەرنامەی نەشر نەکراو، بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

* Davis, Ava M. (2011) "Why do parents choose to send their children to private schools, Electronic Theses & Dissertations.

**3.3. قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان:**

قوتابخانە ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە بە دامەزراوەی نوێی خوێندن دادەنرێن، لە دوای ساڵی (1992) بەولاوە قوتابخانە ناحکومییەکان بەشدارییان لە دابینکردنی خوێندن کردووە، لە باخچەی ساوایان تا خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی زۆر خێرا بڵاوبوونەوە و بایەخێکی زۆریشیان پێدراوە (Darweish and Mohammed,2018: 48-57).

بە پێ ئاماری وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)* لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (445) ناوەندی ناحکومی سەر بەوەزارەتی پەروەردە هەیە و بەشێکی زۆری ئەو ناوەندانە دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر، کە لە خشتەی ژمارە (1) دەخرێتەڕوو:

ژمارەی ناوەندە ناحکومییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022).


| ڕیز | جۆری ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی | ژمارەی ناوەندەکان |
|---|---|---|
| 1 | باخچەی ساوایان | 140 |
| 2 | خوێندنگەی بنەڕەتی | 145 |
| 3 | خوێندنگەی ئامادەیی | 47 |
| 4 | کۆمەڵگەی پەروەردەیی | 23 |
| 5 | خوێندنگەی نێودەوڵەتی | 28 |
| 6 | پەیمانگا | 60 |

**یەکەم: ژمارەی خوێندنگا ناحکومییەکان:**

لە ماوەی ساڵانی خوێندنی (2017-2018) تاکو (2022-2023) ژمارەی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەو زیادبوونە چەندییە لە وێنەی ژمارە (1) چ لە ڕووی ژمارەی ئاستی ناوەندەکان و چ لە ڕووی جۆری ناوەندەکان زیاد بوون بە وردی دەخرێتەڕوو.

*سەرجەم ئەم ئامارانە توێژەران لە وەزارەتی پەروەردە بە نامەی فەرمی داوایان کردووە و ئەو ئامارانە بە شێوەی فەرمی بۆیان بەردەست کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





وێنەی ژمارە (1) لە ئامادە کردنی توێژەران ئاستی زیادبوون و جۆری ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی بە پێ ئاماری وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو.

**دووەم: ژمارە و ڕێژەی خوێندنگە ناحکومییەکان بە پێ پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان .**

سەبارەت بە هەڵکەوتەی خوێندنگا ناحکومییەکان، وەکو لە وێنەی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت، لە ساڵی خوێندنی (2022-2023) لە کۆی (508) خوێندنگای ناحکومی، زۆرینەی ئەم خوێندنگایانە کە بریتین لە (305) خوێندنگا لە پارێزگای هەولێرن، کە لە (60%)ی کۆی خوێندنگا ناحکومییەکان پێکدەهێنێت. هەروەها (131) خوێندنگا لە پارێزگای سلێمانییە کە لە (26%) کۆی خوێندنگاکانە، هەروەها (11%) کە (58) خوێندنگایە لە پارێزگای دهۆك، (1%) لە پارێزگای هەڵەبجە و (2%) لە پارێزگای کەرکوك هەڵکەوتوون.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (2): ژمارەی خوێندنگا ناحکومییەکان بە گوێرەی پارێزگا دەخاتەڕوو.

**سێیەم: ژمارەی قوتابیان لە خوێندنگا ناحکومییەکان:** لەگەڵ هەڵکشانی ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن، ژمارەی قوتابیانیش لە هەڵکشاندا بووە، بەچەشنێك کە ژمارەی ئەو قوتابیانەی تاکو ساڵی خوێندنی (2017-2018) لەم ناوەندانە خەریکی خوێندن بوون بریتی بوو لە (59995) قوتابی، بەڵام لە ساڵی خوێندنی (2022-2023)دا ئەم ژمارەیە گەیشتوەتە (138370) قوتابی، کە زیاتر لە دوو هێندە زیادی کردووە و دابەشبوون بەسەر پارێزگاکاندا، وەکو لە وێنەی ژمارە (3)دا خراوەتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی (3): ژمارە و ڕێژەی قوتابیانی خوێندنگا ناحکومییەکان نیشاندەدات بۆ ساڵی (2022_2023).

**چوارەم: ژمارەی قوتابیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا:**

لە هەموو ئاستە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا، قوتابیان لە خوێندنگا ناحکومییەکاندا بەشداران، کە ڕێژەکەیان لە هەر ئاستێکدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە. هەر وەک لە خشتەی ژمارە (2)دا خراوەتەڕوو:


خشتەی (2): ژمارەی قوتابیان لە ئاستە جۆاوجۆرەکانی خوێندن نیشاندەدات

| جۆری خوێندنگا | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 7528 | 6432 | 13960 |
| بنەڕەتی | 28541 | 23282 | 51823 |
| ئامادەیی | 10148 | 9815 | 19963 |
| پیشەیی | 381 | 145 | 526 |
| کۆمەلگا | 13759 | 11629 | 25388 |
| پەیمانگا | 20153 | 6557 | 26710 |
| کۆی گشتی | 80510 | 57860 | 138370 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: ڕەگەزی قوتابیانی خوێندنگا ناحکومییەکان:**

سەبارەت بە ڕەگەزی قوتابیانی خوێندنگا ناحموکییەکان بە گشتی (138370) قوتابی لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە قوتابخانە ناحکومییەکان درێژە بە خوێندن دەدەن، وەکو لە وێنەی ژمارە (4)دا دەردەکەوێت؛ ڕێژەی (41.82٪)ی قوتابیان لە ڕەگەزی مێن، کە بریتییە لە (57860) قوتابی، لەبەرانبەردا (58.18٪)ی قوتابیان لە ڕەگەزی نێرن، کە بریتییە لە (80510) قوتابی.





وێنەی ژمارە (4) ڕەگەزی قوتابیانی خوێندنگا ناحکومییەکان نیشاندەدات.

**شەشەم: ژمارەی مامۆستایان لە خوێندنگا ناحکومییەکان:**

هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی ژمارەی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی و ژمارەی قوتابیان لەم ناوەندانەدا، ژمارەی مامۆستایانیش لەم ناوەندانەی خوێندن لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا زیادبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ژمارەی مامۆستایان لە خوێندنگا ناحکومییەکان لە ساڵی خوێندنی (2017 ـ 2018) لە هەموو ئاستەکان بریتی بووە لە (6202) مامۆستا، کە ئەم ژمارەیە لە ساڵی خوێندنی (2022 ـ 2023)دا گەیشتوەتە (12039) مامۆستا، کە لە وێنەی ژمارە (5)دا چۆنیەتی دابەشبوونیان بەسەر پارێزگا جۆراوجۆرەکان دەخاتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە (5) بەراوردی ژمارەی مامۆستایان دەکات بە گوێرەی پارێزگا جیاوازەکان

وەک دەبینرێت لە هەموو پارێزگاکان ژمارەی مامۆستایان لە ماوەی پێنج ساڵدا دوو هێندە زیادی کردووە، بەڵام سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە هەرچەندە داتاکان گەشەکردنێکی دوو هێندە نیشاندەدەن، بەچەشنێك کە لە (38) مامۆستا لە ساڵی خوێندنی (2017 ـ 2018)ەوە بەرزبوەتەوە بۆ (97) مامۆستا لە ساڵی خوێندنی (2022 ـ 2023)، بەڵام بە ژمارەیەکی گەورە ئەژمار ناکرێت لە چاو پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە کەمترین وەبەرهێنان لە پەروەردەی ناحکومی لەم پارێزگایەدا کراوە. هەروەها کەمترین گەشەکردن لە ڕووی ژمارەوە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی پارێزگای کەرکووك ڕوویداوە، بەچەشنێك ژمارەکە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا لە (104) مامۆستاوە بۆ (140) مامۆستا زیادی کردووە، کە لە ڕووی گەشەی ژمارەکان لە ماوەی پێنج ساڵ و هەروەها لەچاو پارێزگایەکی گەورەی وەکو کەرکوك ژمارەیەکی کەمە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

**1.4. میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی ئەم توێژینەوەیە چۆنایەتییە بە بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچە راستەوخۆ.

**2.4. کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بریتییە لە قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەکانی شاری هەولێر و، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، بە مەبەستی تێگەیشتن لە دیدگای ئەو دایک و باوکانەی کە قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن.

**4 .3. نموونەی توێژینەوەکە:** نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە جۆری مەبەستدارە. نموونەی مەبەستدار جۆرێکە لە نموونە وەرگرتنی نائەگەری، نموونە وەرگرتنی مەبەستدار هاوواتایە بە توێژینەوەی چۆنایەتی، هەر بۆیە لە نموونەی مەبەستدار هەندێکجار توێژەر بە دوای گەیشتن بە ئامانج یان ئامانجێکی دیاریکراودا دەگەڕێت، بۆیە ئەندامانی نموونەکە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی خزمەت بە بەدیهێنانی مەبەست یا ئامانجەکانی توێژینەوەکە بکات (Given and Saumure,2008). بە گشتی (22) چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە (14) کەسیان لە ڕەگەزی مێ و (8) کەسیان لە ڕەگەزی نێر بوون. کە ناوەکانیان لە خستنەڕووی ئەنجامەکان بە کۆد دانراوە، بەڵام ناوەکانیان لای توێژەران پارێزراوە.

**4.4. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان (چاوپێکەوتنی نیمچە ڕاستەوخۆ - یان نیمچە ڕێکخراو (same structured interview) بەکارهاتووە، ئامرازی چاوپێکەوتن بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوە چۆنایەتییەکان دادەنرێت، بۆکۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر بابەتەکە وەک ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی **ڕاستی** و درووستی دەکرێت، لەسەر بنەمای گفتوگۆی ڕاستەوخۆی زارەکی یان گفتوگۆی نێوان توێژەر و وەڵامدەر یاخود لەسەر بنەمای ڕێکارەکان و ڕێنماییە سەرەتاییەکان بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە دامەزراوە (کریم،2018: 43).

هەروەها یەکێک لە توێژەران بۆ ماوەی یەک ساڵ وەکو توێژەر لە قوتابخانە ناحکومییەکان کاری کردووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە تێبینی یاخود چاودێری واقعی بارودۆخی نێو قوتابخانە ناحکومییەکان بکات و بزانێت چ هۆکارێک وا لە دایک و باوک دەکات، کە قوتابخانەی ناحکومی بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن. هەروەها زانینی ئەوەی کە دایک و باوک زیاتر گرنگی بە چ شتانێک دەدەن، کە لە نێو قوتابخانەکاندا هەیە و وایان لێدەکات منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە بهێڵنەوە و خواستی زیاتریان لەسەر هەبێت.

## 5. خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان:

### 1.5. کاریگەری کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەر تێڕوانینیان بۆ هەلبژاردنی ئەو قوتابخانانە

لەم بەشەدا توێژەران ئەو زانیارییانەیان ڕێکخستووە، کە لەمیانی چاوپێکەوتنەکاندا کراوە و هەوڵ دراوە پۆلێن بکرێت و لە خشتەیەکدا دابڕێژرێت. لە خشتەی ژمارە (3)دا وڵامی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە **"کاریگەری کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەر تێڕوانینیان بۆ هەلبژاردنی ئەو قوتابخانانە"** خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (3) کاریگەری کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان لە لای باوانی قوتابیان

| کۆدی ناوەکان | ناوەڕۆکی تێڕوانینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە |
|---|---|
| A | لە قوتابخانەی ناحکومی خەمی منداڵەکانت نابێت، واتە منداڵ سەرما و گەرمای نابێت تا نەخۆش بکەوێت، چونکە بەکوالێتی باش قوتابخانەکە بنیادنراوە. منداڵەکان ڕێژەیان کەمە لە پۆلەکاندا و مامۆستا دەتوانی بەئاسانی لە دەرس و چالاکییەکاندا بەشداری بە هەمووان بکات. |
| B | بینا و پێداویستییەکانی خوێندن بە باشترین کوالێتی دابین کراوە. پاکوخاوێنی کە هۆکارە بۆ پاراستنی تەندروستی منداڵ و دوور بوون لە نەخۆشی. وتنەوەی وانەکان بە داتاشۆ، وێنە و ڤیدیۆ کە کاریگەری لەسەر گەشەی مێشکی منداڵ هەیە. |
| C | گۆڕینی قوتابخانەی منداڵەکەی لە حکومی بۆ ناحکومی، لەبەر ئەوەی قوتابخانەکە زۆر سارد بووە و |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| | گەرم کەرەوەی باشی تێدا نەبووە و منداڵەکەی نەخۆش کەوتووە. بێزار بوونی منداڵەکەی بە کەشی قوتابخانەی پێشوو، بە هۆی کۆن و خراپ بوونی کواڵێتی قوتابخانەکە، کە کاریگەری لەسەر ئاستی خوێندنی منداڵەکەی هەبووە. |
| D | کواڵێتی خوێندن یەکێک لەو هۆکارانە بوو وای کرد من منداڵەکەم بنێرمە قوتابخانەی ناحکومی، چونکە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ قوتابخانەی حکومی لە ڕووی (بینا، مامۆستای بە ئەزموون، ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی ناو پۆل ، پاکوخاوێنی، کەمی ژمارەی قوتابی لە پۆلەکان هەروەها سەبووڕە و داتاشۆ و پێداویستیەکانی تری ناو قوتابخانە). |
| E | منداڵ پارێزراوە و ناتوانێ بە دڵی خۆی هەر کاتێک بیبەوێت لە قوتابخانە دەربچێت، چونکە کامێرای چاودێری و پاسەوانی بەردەرگای هەیە. هەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن و دابینکردنی ئامرازەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی باش، کە باوانی منداڵ دڵەراوکێیان نییە لە وەرزی گەرما یا سەرما. هەروەها هەبوونی سیمای جوانی بیناکان، کە هاندەرە بۆ حەز و پەیوەندی منداڵ بۆ خوێندن و چوونە قوتابخانە. |
| F | بیناکانی قوتابخانە حکومییەکان هیچ کواڵێتیان نیە. نەبوونی پێداویستییە فیزیکییەکانی وەک تواڵێت و ئامرازەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابی، کە مامۆستا ناتوانێ بە هەموویان ڕابگات، ئەوانە هۆکار بوون کە منداڵەکەی بباتە قوتابخانەی ناحکومی. |
| G | مامۆستای قوتابخانەی حکومی بوو، بەڵام منداڵی لە قوتابخانەی ناحکومی دەیخوێند و دەڵێت: من خۆم مامۆستام لە قوتابخانەی حکومی و دەزانم چ وێرانکارییەک هەیە، هیچ مەرجێکی خوێندنی تێدا نییە، بیناکان هەمووی کۆنە، مامۆستا ناتوانێ کۆنترۆڵی هەموو قوتابییەکان بکات و بەشداری بە هەمووان بکات. هیچ کارگوزارێک نییە قوتابخانە پاک بکاتەوە، بۆیە منداڵەکانیش زیاتر جل و بەرگیان پیس دەبێت و توشی نەخۆشی دەبن. |
| H | کواڵێتی قوتابخانە بەقەد فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ گرنگە، چونکە بەشێکی زۆری تەرکیزی منداڵ لای ئەوەیە ئایا قوتابخانەکەی خۆشە و جوانە، پێداویستی تێدایە، کورسی خۆی هەیە بە ئیسراحەت دانیشێ لەسەری. منداڵ پێویستی بە چاودێری هەیە ئەمەش لە قوتابخانەی ناحکومی هەیە. هۆیەکانی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی هەیە. |
| I | منداڵ مافی خۆیەتی باشترین و چاکترین بینابیەی خوێندنی هەبێ، هەبوونی سیستەمی چاودێری باش |

| | |
|---|---|
| | بەرێگەی کامێرای چاودێری و پاسەوانی بەردەرگا، هەروەها سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندن بە باشی دابینکراوە. |

لە وتەکانی لێتوێژراوان دەردەکەوێت کەوا هەبوونی بینای قوتابخانە، پیداویستییەکانی خوێندن وەکو؛ داتاشۆ، کورسی و مێز، هۆیەکانی ساردکەرەوە، گەرمکەرەوە، ڕووناکی و سیستەمی چاودێری زۆر گرنگن، تا منداڵ بتوانێ بە ئاسانی حەزی بۆ خوێندن لا دروست ببێت و، منداڵێکی زیرەک و بە ئەزموونی لێدەربچێت، چونکە کاتێک ئەم پێداویستیانە فەراهەم بن منداڵ تەرکیزی نارِوات و زیاتر سەرەنج دەخاتە سەر وانەکە و گوێ لە مامۆستا دەگرێت. هەروەها زۆرجار مامۆستا لە قوتابخانەی حکومی ناتوانێ دەرس بڵێتەوە بەهۆی نەبوونی پێداویستی وەکو؛ سەبوورە و داتاشۆ و بگرە هەندێک کات نەبوونی کتێب و زۆری رێژەی قوتابی لە پۆلەکان، کە ژمارەیان هێندە زۆرە مامۆستا ناتوانێ بەشداری بە هەمووان بکات. دەگەین بەو ئەنجامەی، کە ئەم وەڵامانە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تیۆری هەڵبژاردەی عەقڵانی کە باوانی منداڵەکان هەوڵ دەدەن هەڵبژاردەیەکی باش بکەن، بە بیرکردنەوە و بڕیاردانیان بۆ شتەکان، بە ئامانجی داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان.

**2.5 . ئایا زمانی ئینگلیزی بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی لە لایان باوانەوە پێوەرێک بووە:**

خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سروشتی و سەرەتاییی هەر مرۆڤیکە. زمان بەدەر لەوەی کە ئامرازی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤەکان، لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە بنەماکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. هەر بۆیە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە جیهان و لەسەر وویانەوە ڕێکخراوی یونسکۆ بە خستنەڕووی چەندین ڕێککەوتن و ڕاگەیاندراو، خوازیاری پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکن لە جیهاندا و ناودێریکردنی ڕۆژێک بە ناوی زمانی دایک نیشانەی گرنگیی ئەم پرسەیە. گومانی تێدا نییە کە زمانی ئینگلیزی لەم دواییانەدا بایەخێکی زۆری بەدەستهێناوە بەهۆی حەزی جیهانی دەوروبەرمان بۆ تەکنەلۆجیا و جیهانگیری، ئەمەش ئامانجێکە کە زۆرێک لە دایک و باوکان بۆ منداڵەکانیان بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بتوانن هاوسەنگ بن لەگەڵ ئەو گەشەکردنەی کە جیهانی دەوروبەرمان بە خۆوەی دەبینێ، لێرەدا دەمانەوێت بزانین ئەندامانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەی توێژینەوەکە چۆن لە زمانی ئینگلیزی دەڕوانن و تا چەند هۆکاربووە بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی لەم بارەیەوە:

خشتەی ژمارە (4) زمانی ئینگلیزی بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی لە لایان باوانەوە پێوەرێک بووە

| کۆدی ناوەکان | ناوەڕۆکی تێڕوانینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە |
|---|---|
| J | ناچاری وای لێکردم بیخەمە بەر خوێندنی ناحکومی، چونکە لە حکومی خوێندن بە زمانی کوردی بوو منیش دەمویست بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، هەروەها لەم سەردەمە نەزانینی زمان عەیبەیە. زانینی زمانی ئینگلیزی خاڵێکی جەوهەرییە بۆ ئەوەی منداڵەکانم بنێرم بۆ قوتابخانەی ناحکومی، لەبەر ئەوەی زمانێکی جیهانییە و لە هەموو دونیا دەتوانێ هاوکارت بێت، هەروەها مرۆڤ رۆشنبیرتر و هۆشمەندتر دەبێت کاتێک زمانێک دەزانێت. |
| K | زمان لە ئێستادا بۆتە پێوەرێک بۆ دەستکەوتنی ئیش و دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی بیانی. هەروەها من نامەوێت منداڵەکەم وەکو من بێت بە تەمەنێکی گەورە خۆی فێری ئینگلیزی بکات بۆیە هەر زوو خستمانە بەر خوێندنی ئینگلیزی و داهاتووی منداڵەکەم لەبەرچاو گرت. |
| H | زۆر بە تامەزرۆوە باسی لە گرنگی زمانی ئینگلیزی دەکرد و دەی وت پێش ئەوەی ببم بە باوک بە خێزانەکەم دەگوت منداڵم هەبێت بە فرۆشتنی کلییەی خۆم بێت دەبێت بینێرمە قوتابخانەی ناحکومی تا فێری زمانی ئینگلیزی بێت، گەر زمان بزانێ کەسایەتی و تێڕوانینی لە کەسانێک کە زمان نازانن باشتر دەبێت و ئاسانتر دەتوانێ خۆی پێش بخات و لە داهاتوودا باشترین ئیشی دەست بکەوێت. زانینی زمان گەرەنتییە بۆ دەستکەوتنی ئیش لە داهاتوو. |
| Y | گەر منداڵ زمانی ئینگلیزی نەزانێ باشترە هەر نەخوێندەوار بێت. فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ناردنی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەی ناحکومی هۆکاری سەرەکی بووە. کەسێک زمان نەزانی ژیانی بەرەوپێشچوونی وا بە خۆوە نابینێ، هەروەها گەشتکردنی بۆ وڵاتانی بیانی ئەستەمە و ناتوانێ چێژ لە گەشتەکەی ببینێت، بۆیە هۆکارێکی زۆر گرنگە زمانی ئینگلیزی بزانێت. |
| L | کەس هێندەی من بە زمانی ئینگلیزییەوە ماندوو نەبووە، من لە تەمەنێکی گەورە خۆم فێرکرد ئەگەرچی منداڵەکانم لە خۆم باشترن، بەڵام زۆر دڵخۆشم بەوە. ئینجا من کاتێک ئینگلیزیم نەزانیوە ئیشم نەبوو دەچوومە هەرجێگایەک دەیانگوت ئینگلیزی نازانی ناتوانین وەرتبگرین ئەمەش زیاتر وای کرد بیربکەمەوە منداڵم لە قوتابخانەی ناحکومی دابنێم تا لە داهاتوو وەکو من |

| | |
|---|---|
| | نەبن. |
| G | زمانی ئینگلیزی هێندە گرنگ بوو بۆیە خستمە بەر خوێندنی ناحکومی، منداڵی ئێستا هەموو ئینگلیزی دەزانن با منداڵی منیش بیزانێ باشترە، منی داماو بەو تەمەنە گەورە خەریکی زمانم ئەوجا نەزانینی زمان ئێستا بۆتە عەبیە. |
| M | دونیا دونیای زمانە بەتایبەت زمانی ئینگلیزی، چونکە زمانی جیهانە، من کاتێک زمانم نەدەزانی و مامۆستایانی برادەرم دەیانزانی هەر لە خۆمەوە هەستم بە نەقس دەکرد تا خۆم فێرکرد زۆر ماندوو و هیلاک بووم. لەبەر ئەوە منداڵەکەم ناردە بەر خوێندنی ناحکومی. ئەوجا زمانی ئینگلیزی زمانی نوسین و گەڕانە بە دوای سەرچاوە و زانیاری. بە ئاسانی دەستت دەگات بەهەموو زانیارییەک گەر لەوپەڕی دونیاش بێت بە یەک کلیک دێتە بەردەستت. |
| P | با منداڵەکانمان بێبەش نەکەین لەو نیعمەتەی زمان بەتایبەت لەسەردەمی ئێستا زمان زۆر زۆر گرنگە. ئەگەر منداڵ زمانی ئینگلیزی نەزانێت کەواتە هیچی بە هیچ نەکردووە، لەبەر ئەوەی ناتوانێ زانیاری و سەرچاوەی گرنگ و پێویستی دەست بکەوێ، زمانی ئینگلیزی خاڵی سەرەکی بوو وای کرد منداڵم بنێرمە قوتابخانەی ناحکومی، ئەگەر زمان بزانێ دەتوانێ سوودی هەبێت بۆ داهاتووی و بە ئاسانی ئیشی دەست بکەوێت. |
| T | من حەزم نەدەکرد زمانی بێگانە زاڵبێت بەسەر منداڵەکانم و لام گرنگ نیە زمانی ئینگلیزی بزانن، چونکە من نامەوێت منداڵەکانم لە داهاتوودا خەریکی شتی لابەلا بن و کار لە ژیان و دینیان بکات، هەرچی شتی خراپە بە زمانی ئینگلیزی دەست دەکەوێت. دەبێتە هۆی شوشتنەوەی مێشکی منداڵ. ئەمن حەزم لێ نییە، بەڵام کاتێک منداڵم نارد بۆ قوتابخانەی ناحکومی ناچار بووم، چونکە دایکیان لەسەر ناردنیان زۆر پێداگری کرد، بۆیە هەرکاتێک هەڵەیەک بکەن بە دایکیان دەڵێم خەتا لەتۆ بوو وات کرد منداڵەکان زمانی بێگانە بزانن و بە مۆبایل هەڵە بکەن. |
| R | زمانی ئینگلیزی ئەوها نییە کە گەورە کراوە. هۆکارێکە بە هۆیەوە منداڵەکان فێری ئایین و کولتووری تر بن، کولتووری جوانی خۆمان لەنێو بچێت. ئێستا وایلێهاتووە زمان نەزانی بە دواکەوتوو دادەنرێیت. ناچار بووم منداڵەکەم بنێرمە بەر خوێندنی ناحکومی دەنا تووشی کێشەی خێزانی دەبووم. |

ئەوەی لە وتەکانی لێتوێژراوانی (T، R) دەردەکەوێت؛ ترسە بۆ لە دەستدانی کولتووری کوردی و بڵاوبوونەوەی کولتووری ئەوروپی و بێگانەکان. هەروەها ترس لەوەی منداڵەکانیان شتی نوێ و جیاواز فێر ببن، چونکە پێانوایە ئەمە دەبێتە هۆی بەلاڕێدا بردنی منداڵەکانیان و هاندانیان بۆ کاری خراپە و دوورکەوتنەوەیان لە ئاین و وەرگرتن و فێربوونی ئاینی تر.

هەروەها لە میانی کارکردنی توێژەر لە قوتابخانە ناحکومییەکان تێبینی ئەوەی کردووە، کە قوتابیان زۆرباش فێری زمانی بیانی یان بڵێن زمانی (ئینگلیزی) بوون، بەڵام لە بەرانبەردا زمانی دایک لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، هەرچەند لە قوتابخانە ناحکومییەکانیشدا کوردی دەخوێندرێت، بەڵام لاوەکییە و ئینگلیزی بە پلەی یەکەمە، لایەنێکی ئەم کەموکوڕییە ئەوەیە ئێمە لە بەرانبەر کولتوور و زمانەکانی تر، زمانی خۆمان بە کەم و لاواز دەزانین، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە ئەوەیە، کە لەم قوتابخانە ناحکومییانەدا هێندە گرنگی بە زمانە بیانییەکانی وەک عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و... دەدرێت، ئەوەندە بایەخ بە زمانی دایکی نادەن کە ناسنامەی بوونی نەتەوەی کوردە و ئەگەر پشتگوێ بخرێت. ئەم ئەنجامەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی (سەنگەر یوسف و ئەوانی تر 2017)، کە لە قوتابخانە ناحکومییەکان گرنگی بە زمانی کوردی نادرێت و لایەنی کولتووری و نەتەوەیی پشتگوێ خراوە.

### 3.5. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە ناحکومییەکان:

پەروەردە پرۆسەیەکی ئێجگار گرنگ و هەستیارە بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ گشت قۆناغەکانی ژیان، هەروەها سێکتەرێکی گرنگە بۆ دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ، بۆیە هەر خێزانێک یان دامەزراوەیەک یان وڵاتێک بیبەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ پێویستە هەنگاوی یەکەمی لەپەروەردەوە دەست پێبکات، چونکە پەروەردە شادەماری گۆڕانکاری هەرگەلێک یان وڵاتێکە. بەوپێیەی خێزان یەکەم قوتابخانەیە بۆ پەروەردەی منداڵ. منداڵ هەر لەخێزانەوە زمانی دەپژێ بۆ قسەکردن. هەر لە دایک و باوکەوە فێری خوو و ڕەوشت دەبێت. ئەگەر قوتابی لە ماڵەوە پشتگوێ بخرێت لە قوتابخانە زەبت نابێت. هەروەها ئەگەر لە قوتابخانەش پشتگوێ بخرێت. دیسانەوە فێر نابێت. سیستەمی نوێی خوێندنیش لەنێوان هەردوو خێزانی ئاماژە بۆکراودا جەخت لەسەر پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەکەنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (5) کاریگەری سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە ناحکومییەکان

| کۆدی لێتوێژراو | ناوەرۆکی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە |
|---|---|
| U | پەروەردەکردنی من لە قوتابخانەی ناحکومی باشترە، چونکە ڕێز لە منداڵ دەگیردرێت و گرنگی پێ دەدرێت. ئەمەش وا دەکات کەسایەتی منداڵ نەشکێ و کەسێکی بوێر و سەرکەوتووی لێ دروست بێت، بە پێچەوانەی قوتابخانەی حکومی، کە منداڵ دەشکێننەوە و هەزار قسەی ناشرین و نەشیاویان پێدەڵێن، کە ئەمەش کار لە کەسایەتی منداڵ دەکات. هەروەها وا دەکات منداڵ حەز بە خوێندن نەکەن تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە واز لە خوێندن بهێنێت. |
| Q | منداڵ ئەگەر زیرەک بوو، بەڵام ڕەفتار و شێوازی قسەکردنی جوان نەبوو پێم وایە هیچ سودی نییە. پەروەردەی باش منداڵی باش بنیات دەنێ، منداڵی باش لە دوارۆژدا خێزانی باش بنیات دەنێ، خێزانی باش کۆمەڵگای باش بنیات دەنێ، بۆیە من ئامادە نیم هیچ کات منداڵەکانم بخەمە بەر خوێندنی حکومی، چونکە کەسایەتی منداڵ دەڕووخێنن، ڕێزگرتن و گوێگرتن و گرنگیدانی تێدا بەدی ناکرێت. من هێندەی پەروەردەم لا گرنگە هێندە فێرکردن لام گرنگ نییە، منداڵ کە گەیشتە قۆناغێکی تەمەنی ئیتر خۆی بیردەکاتەوە و دەست بە خوێندن دەکات. |
| E | پەروەردەکردنی منداڵ لە قوتابخانەی ناحکومی جیاوازە لەو پەروەدەی، کە لە قوتابخانەی حکومی پێشکەش دەکرێت، لە قوتابخانەی حکومی بەردەوام مامۆستاکان توڕە و توندن لەگەڵ قوتابی و کێشە و گرفتی ماڵەوەش بە قوتابی لە قوتابخانە خاڵی دەکەنەوە، هیچ بەهایەک بۆ منداڵ دانانێن و لەسەر بچووکترین هەڵە قوتابی سەرکۆنە دەکرێت، لە جیاتی ئەوەی هەڵەکەی بۆ ڕاست بکەنەوە ئەوەندەی تر بە قسە ڕەق و زبرەکانیان هانیان دەدەن خراپتر بن، بەڵام لە قوتابخانەی ناحکومی زۆر بە باشی و بە جوانی پەروەردەیان دەکەن و ڕێز لە کەسایەتییان دەگرن. |
| S | چی لەوە خۆشتر هەیە منداڵێکی زیرەک و ئاقڵت هەبێ، هەموو دایک و باوکێک حەز دەکەن منداڵیان لە هەموو ڕوییێکەوە یەکەمی قوتابخانە بێت. بۆیا ناردمە قوتابخانەی ناحکومی، چونکە دەمزانی منداڵەکەم فێری جنێو و قسەی نە شیاو نابێت، مامۆستاکان وەکو منداڵی خۆیان ئاگایان لێیە و ئامۆژگاری دەکەن ئەگەر هەڵە و کەمووکوڕی هەبێت. |
| T | من چەندین ساڵ ژیانی خۆم بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانم تەرخانکردووە، ئاخر گوناح نییە منداڵ لەلایەن ستافی قوتابخانە سوکایەتی پێبکرێت و بیشکێننەوە. بۆیە ویستمان منداڵەکەمان |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| لە شوێنێک بخوێنێ، کە پەروەردەکەی تەواوکەری پەروەردەی ماڵەوە بێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری قوتابخانەی ناحکومیماندا. ئەو فێرکردنەی لە قوتابخانەی ناحکومی هەیە بە خەونیش لە قوتابخانەی حکومی نایبینیت، بەڕاستی نە پەروەردەکردن نە فێرکردن لا قوتابخانەی حکومی نەماوە. | |
| قوتابخانەی ناحکومی پەروەردەیەک بە منداڵ دەدەن، کە شایەنی ئەوەیە شانازی بکەی منداڵت لە قوتابخانەی ناحکومییە. بە جوانترین شێوە پەروەردەیان دەکەن و هەست و سۆزیان بریندار ناکەن، بۆیە من بەردەوام لەگەڵ پەروەردەی قوتابخانەی ناحکمیدام. مامۆستاکان کاریگەرییان لەسەر منداڵ هەیە و بە باشی گوێ بە قسەکانیان دەدەن و شتەکانیان بە باشی فێر دەکەن. | U |
| یەکێک لە گرنگترین سوودەکانی پەروەردە ئەوەیە، کە ژیانی تاکەکەسی باشتر دەکات و یارمەتی کۆمەڵگا دەدات بەشێوەیەکی ڕێک و دروست بەڕێوەی ببات. بۆیە گرنگە بە جوانی منداڵ فێری بابەتەکان بکرێت، نەک تەنیا بۆ کات بەسەربردن لە پۆل دابنیشێ و دواتر هێچ نەزانێ. خۆش بەختانە قوتابی لە قوتابخانەی ناحکومی زۆر باش فێر دەکرێت، مەگەر قوتابییەک خۆی نەیەوێت و نەخوێنێ، ئەگەرنا سیستەمی فێرکردنی ناحکومی زۆرباشە. | G |
| ئەگەرچی لە سیستەمی فێرکردنی منداڵەکانیان ڕازین، بەڵام ئەوان گلەییان لە پەروەردە کردنی منداڵ لە قوتابخانە ناحکومییەکان هەیە، لەبەر ئەوەی بە ناوی بۆنە و یادەکان کولتووری نەگونجاو لە گەڵ کۆمەڵگای ئێمە فێری منداڵەکان دەکەن. | R،P |

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا بۆمان دەردەکەویت وەک لە خشتەی ژمارە 5 دا دەردەکەویت؛ زۆرینەی باوانی منداڵەکان ڕازی و دڵخۆشن بە پەروەردەی منداڵەکانیان، کە پەروەردەیەکی سەردەمییانە دەکرێین، بەڵام هەندێک لە باوانی منداڵەکان پێیان وایە ئەو جۆرە پەروەردەیە، لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ناگونجێت و بە شیاوی نازانن. هەروەها لە ئەنجامی کارکردنی توێژەر لە قوتابخانەی ناحکومی و لە میانەی تێبینیکردنی سەبارەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەوەی لا ڕوون بۆتەوە تا ئاستێکی زۆر باش و پێشکەوتووە، مامۆستاکان زۆر بەباشی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن و ماندوونەناسانە شوێن پەنجەیان دیارە چ لەلایەنی پەروەردەی ڕەوەشتی چ لەلایەنی فێرکردنی وانە و بابەتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4.5. کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خێزان سەبارەت بە ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانەی ناحکومی:

سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە گرنگترین تەوەرە سەرەکیەکانی کرداری گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری یاسایی دادەنرێت، بەڵام دەبینین لە هەرێمی کوردستاندا ئاڕاستەی بازرگانی وەرگرتووە. ساڵ بە ساڵ ڕێژەی قوتابخانەی ناحکومی ڕووی لە زیادبووندایە، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین قەیران و نالەباری ئابووری بۆتەوە، بەڵام دەبینین قوتابخانە ناحکومییەکان هیچ کامێکان دانەخراون، بگرە ڕێژەیان ڕووی لە زیادبوونە. بێگومان خێزانەکان پشکی سەرەکی ئەو قوربانییەن کە دەبێت لە پێناو بەردەوامی خوێندنی منداڵەکانیان بیدەن.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کرا؛ ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەو بڕە پارەی دەیدەن بە قوتابخانەی ناحکومی بەراوەرد بە توانا و لێهاتوویی قوتابخانەکان زۆرە، هەروەها ئەرکی سەرشانی دایک و باوکانی یەکجار قورس کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومی ناونووس کردووە و ناچارن ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆر بۆ بەردەوامی خوێندنی منداڵەکانیان بدەن. هەروەها داواکارن کەوا حکومەت چاوێک بە نرخ و کرێی خوێندنی قوتابخانەکاندا بخشێنێت و هەوڵبدات نرخیان کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بە خوێندنی منداڵەکانیان بدەن. لێرەدا بەرهەمەکە فێرکردنە و کڕیارەکانیش خوێندکارانن، ئێستا زیاتر هەست دەکرێت لە کوردستان نە حکومەتی هەرێم و نە وەزارەتی پەروەردە ئەو گرنگییە نادات بە پرۆسەی پەروەردەو فێر کردن کەشایەنی بێت. سەبارەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی زۆرینەی خێزانەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ئەرکیماڵەوە قوتابی خوێندگا ناحکومییەکان زۆرە و خێزانەکان ناچار دەکات واز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ دەورووبەر بهێنن.

هەروەها توێژەر لە ئەنجامی کارکردنی لە قوتابخانەی ناحکومی و مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابی و خێزانی قوتابیەکان گەیشتووە بەوەی، کە بەشێک لە دایک و باوکەکان ناڕازین لەوەی کە ئەرکی سەرشانیان قورس دەکرێت لەلایەن ستافی ئیدارەوە بەوەی داوا دەکەن قوتابی جلی تایبەتی قوتابخانە بکڕێت، بەڵام کاتێک قوتابی بە جلی جیاواز دەچێتە قوتابخانە هیچ لێپێچینەوەیەکی جدی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوونی نییە و زۆر جەخت ناکەنەوە لە لەبەرکردنی جلی قوتابخانە، بەڵام کاتێک کەمێک تاخیر جل بکرێت هەموو رۆژێک بە قوتابی دەڵێن کوا جلی قوتابخانە، کەواتە مەبەستەکە بەس پارەیە و دەیانەوێت بە هەر جۆرێک بێت قازانج بکەن.

### 5.5. چاولێکەری و لاساییکردنەوە سەبارەت بە ناردنی منداڵ بۆ قوتابخانەی ناحکومی:

لاساییکردنەوە هەنگاوێکە بەرەو پێشکەوتن. لە کۆمەڵگادا جار جار داهێنانەکان سەرهەڵدەدەن کە جەماوەر دەست بە لاساییکردنەوە دەکات. ئەم دۆزینەوانە دواتر لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا جێدەبێتەوە و لەڕێگەی پرۆسەیەکی کۆپیکردنەوە دووبارە کامڵ دەبنەوە. لە ئێستادا دیاردەی چاولێکەری و لاساییکردنەوە لە هەموو کاتێک زیاتر دەبیندرێت و هەستی پێ دەکرێت، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەربڵاو نییە، بەڵکو لە تەواوی جیهان دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت. بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کرایەوە بە ڕووی جیهان و تێکەڵی دونیای مۆدێرن بووە. هەرچەندە لاساییکردنەوە مەرج نییە لە هەموو کات و شتێک خراپ بێت، بەڵام بۆ کۆمەڵگای کوردی کە هۆشیاری تاکەکانی لە ئاستێکی نزم دایە و زۆر بە خێرایی لاسایی هەموو شتێک دەکەنەوە بە بێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخ و گوزەرانی ژیانیان بکەن.
لە میانەی وتەی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەوە دەردەکەوێت کەوا دیاردەی چاولێکەری و لاسایی بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت. ئەگەرچی زۆرینە باس لەوە دەکەن، کەوا لاسایی کەسانی تریان نەکردووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوە دادەنێن کەوا لە کەسانی نزیکیان لاساییکردنەوەیان بینیوە و بە ئاشکرا هەست بەوە کراوە کە کەسەکان ئەنجامیانداوە. هەروەها ئەم ئەنجامەش دەمانباتەوە بۆ تیۆری هەڵبژاردەی عەقڵانی لە جۆری عەقڵانییەتی ستراتیجی، کە بڕیاردانی تاک پشت بە بڕیارەکانی بکەرانی تر دەبەستێت.

### 6.5. گونجانی کاتی دەوامکردنی دایک و باوک لەگەڵ دەوامکردنی قوتابخانەی ناحکومی:

(14) کەس لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە باسیان لەوە کردووە، کە ناچارن پەنا بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان ببەن، سەرەڕای تێچووی دارایی زۆر، بۆیە منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ئەهلی ناونووس دەکەن، چونکە کاتەکانی خوێندنی منداڵەکانیان لە گەڵ کاتی دەوامی باوانی منداڵەکان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گونجاوە و ئەوەش بە لایانەوە شتێکی گرنگە. هەروەها هەندێک لە دایک و باوکان خۆیان لە دانانی منداڵەکانیان لەلایەن کەس و کارەکانیان بە دوور دەگرن و بە پێویستی نازانن لای کەسانی تر بێت، بەڵام بەشێک لە دایک و باوکان پێیان وایە کە لە ئێستادا هیچ کەسێک تەنانەت داپیرە و باپیرە واتا ماڵە باوک یان ماڵە خەسوو ئامادە نین ئاگاداری منداڵەکانیان بن، بۆیە بە ناچاری قوتابخانەی ناحکومی بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن.

### 6. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتاییی توێژینەوەکەماندا دەگەین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە:

1. دایک و باوکان ڕەزامەندی زۆریان لە کوالێتی و بینای قوتابخانە ناحکومیەکان هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات دایک و باوکان ئەو پێوەرانە لەبەر چاو دەگرن کە بۆ داهاتووی منداڵەکانیان گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی دایک و باوکەکان هۆکاری ئەکادیمییان بۆ وەرگرتنی منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ناحکومی دەستنیشان کردووە.

2. فێربوونی زمانی ئینگلیزی خاڵێکی تری جەوهەری بوو لای دایک و باوکان لە هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی، هەروەها ئەولەویەتی بەرزی دایک و باوکان ژینگەیەکی باشی قوتابخانەکە بوو.

3. سەلامەتی ژینگەی قوتابخانە و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی خوێندن هۆکارێکیتر بوو، کە کاریگەرییان لەسەر دایک و باوکان هەبوو بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانە، هەروەها کاتی دەوامی قوتابخانە ناحکومییەکان لەگەڵ کاتی دەوامی دایک و باوکی قوتابیان گونجاوە.

4. کوالێتی وانەوتنەوە و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی بەرچاوی لەسەر بڕیاری دایک و باوکان لەکاتی هەڵبژاردنی قوتابخانەی ناحکومی هەبوو.

5. ڕەفتاری مامۆستایانی بە ئەزموون نەوەی نایاب و خوێندکاری سەرکەوتوو لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵن، کە کاریگەری زۆر ئەرێنییان لەسەر کۆمەڵگاکان و دواجاریش لەسەر دەستکەوتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی وڵات هەیە. دوای دایک و باوک، مامۆستا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر منداڵ

هەیە. هەندێکجار تێبینی ئەوە کراوە کە منداڵەکان زیاتر لەلایەن مامۆستاکانەوە نەک دایک و باوک کاریگەرییان لەسەرە و ڕێزیان لێدەگرن.

**سەرچاوەکان:**


1. _ اعظم‌آزاده، آرامی (2016)، "بررسی عوامل موثر بر رفتار در موقعیت های متعارض نفع فردی و جمعی در خانواده." تحلیل اجتماعی نظم و نابرابری اجتماعی 71, شماره 3. لەم لینکە بەردەستە: https://jsoa.sbu.ac.ir/article_99270.html
2. _ الأسرة، زعيمية منى (2013)، المدرسة ومسارات التعلم (العلاقة ما بين خطاب الوالدين والتعلمات المدرسية للأطفال)،رسالة ماجستر،امعة منتوري - قسنطينة - كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية قسم علم النفس وعلوم التربية والأرطفونيا.
3. _ الريماوي، محمد غاندي (2018)، أثر عناصر المزيج التسويقي على اختيار أولياء الأمور للمدارس الخاصة ) ، رسالة الماجستير، جامعة الزرقاء ،الاردن.
4. _ الشعبينى، محمد (1978)،علم الاجتماع التربوى، دار العربية، القاهرة.
5. _ القاسم، ميادة (2021)؛ مناهج البحث الاجتماعي وتطبيقاتها في علم الاجتماع (دراسة سوسيولوجية تحليلية)، الأستاذ المساعد في مناهج وطرائق البحث الاجتماعي قسم علم الاجتماع – جامعة ماردين- حلب سابقا.
6. _ بن صغير كريم (2017-2018)،مطبوعة بيداغوجية في مادة منهجة و تقينيات البحث،مجموعة محاضرات موجهة لطلبة السنة الثانية علم النفس، السنة الجامعة.
7. _ صالح، بژار زیاد (2023)، ئاستی ڕەزامەندی باوان لە قوتابخانە ناحکومییەکان، ماستەرنامەی نەشر نەکراو، بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
8. _ بودون، ريمون، (2010)، أبحاث في النظرية العامة في العقلانية، العمل الاجتماعي والحس المشترك، ترجمة: د. جورج سليمان، مركز دراسات الوحدة العربية.
9. _ دباب، زهية(2021)، قضايا و مفاهيم سوسيولوجيا التربية فكر بيير بورديو، جامعة بسكرة ، الجزائر.
10. _ رشيد، بوتقرابت (2007)، ظاهرة الاهتماء باللباس عند الشباب الجامعي ، ماجستير ، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم علم النفس جامعة علم الاجتماع.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11. _ زيتونة حمد، زينب ، احمد، فتحية مسعي (2018)، التكامل بين الاسرة والمدرسة في عملية التنشئة الاجتماعية للطفل اليتيم، رسالة ماجستر، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادي ،2018.
12. _ سلمان، محمد (2015)، الاعتبارات التربوية التي يراعيها أولياء الأمور عند التحاق أبنائهم بالمدارس الخاصة،مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الانسانية) المجلد 29 (11).
13. _ صلعي، أنيسة و نريمان عماني (2019)،مفهوم إعادة الإنتاج الاجتماعي عند بيار بورديو، رساله ماجستير،كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية،جامعه الجزائر. بەردەستە لەم بەستەرە:
14. https://dspace.univ-guelma.dz/jspui/bitstream/123456789/907/1/04_0.pdf
15. _ مأمون، علي و زواري، احمد الصادق (2020)، دور المدرسة في تحقيق الضبط الاجتماعي، رسالة الماستر في الاجتماعية، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادي. بەردەستە لەم بەستەرە:
16. الإطار العام للدارسة(univ-eloued.dz)
17. *Burns, T. and Roszkowska, E. (2016), Rational choice theory: Toward a psychological, social, and material contextualization of human choice behavior. Theoretical Economics Letters, 6(2), pp.195-207.*
18. *_ Davis, Ava M. (2011) "Why do parents choose to send their children to private schools, Electronic Theses & Dissertations.*
19. *_ Darweish, M. and Mohammed, M.A., 2018. History education in schools in Iraqi Kurdistan: representing values of peace and violence. Journal of Peace education, 15(1), pp.48-75.*
20. *Levin, Jonathan, and Paul Milgrom (2004) "Introduction to choose theory, Available from internet: https://web.stanford.edu/~jdlevin/Econ%20202/Choice%20Theory.pdf*
21. *_ Marwan Darweish & Maamoon Abdulsamad Mohammed (2017), History education in schools in Iraqi Kurdistan: representing values of peace and violence, Published online:*
22. *Salih, Sangar Youssif, Rahman, Abdulsamih Muhammad and Othman, Jihad Kamal, (2017), Reflection of National and Cultural Identities in Foreign Schools of the Kurdistan Region/Iraq, Creative Education, Scientific Research an Academic Publisher, Vol.8 No.7.*
23. *_ Rogošić, S. and Baranović, B. (2016), Social capital and educational achievements: Coleman vs. Bourdieu. Center for Educational Policy Studies Journal, 6(2), pp.81-100.*
24. *_ Given, Lisa M, and Saumure, Kristie (2008): The SAGE Encyclopedia of Qualitative Research Methods. https://doi.org/10.4135/9781412963909*

25. *Davis, Ava M. (2011), "Why do parents choose to send their children to private schools, Electronic Theses & Dissertations.*

---

# Social factors in family choice of private education
# A field study in primary schools in Erbil

**Avin Qahar Jalal**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Avin.jalal@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Abdullah Khurshid Abdullah**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: dr.abdullah56@yahoo.com

***Keywords:*** *Education, private schools, students, families, schools.*

## Abstract
This study study investigates the motivations behind families opting for non-governmental schools for their children's education. Employing a qualitative research approach, data was gathered through semi-structured interviews. The central inquiry of the study revolves around the question: "What drives parents to enroll their children in private schools?" The research encompasses 25 non-governmental primary schools in Erbil, operating under the Erbil Education Directorate. The study sample consisted of 22 parents with children attending these schools. The research findings highlight several key factors influencing parents' choices, including the quality of school infrastructure, services, and educational standards. Additionally, English-language instruction and a robust educational system emerged as significant factors, though many families expressed concerns regarding the high tuition fees.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# العوامل الاجتماعية في اختيار الأسرة للتعليم الخاص ؛ دراسة ميدانية في مدارس ابتدائية في اربيل

**ملخص:**

الهدف من هذه البحث مناقشة هذه الأسباب الذي يجعل العوائل اختيار المدارس اللاحكومية لأطفالهم، في هذه البحث نعتمد علي اسلوب النوعية وذلك علي أساس المقابلة شبه المباشر جمع المعلومات،السؤال الأساسي في هذه البحث وهي :ماهي الأسباب لإختيار أباء الطلاب أبنائهم للدراسة في هذه المدارس اللاحكومية.

مجمع البحث يتكون من المدارس الأساسية اللاحكومية في مدينة أربيل التابع لمديرية التربية يتكون عدد المدارس (25) مدرسة، (22) اشخاص من الاباء تم اختيار أطفالهم كأعضاء مثاليين في هذه البحث للدراسة ، في النهاية الباحث وصل الي مجموعة نتائج وهي : سبب اختيار هذه المدارس نتيجة جودة البناء المعماري، والخدمات واحتياجات التدريس وكذلك التدريس باللغة الانجليزية و نظام التربية الجيدة و فعاليته علي اختيارهم، ولكن أكثر العوائل يشتكون من غلاة اسعار التدريس.